www.kurdistannet.org
26-5-2003 1:57

به ناوی کوردستانی گەورە !

# کووفی چارەش ! یو. ان دروستە یا ڕێکخراوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان ( UG)؟

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

زۆر ناو لە جیهانی ئەمرودا، پێچەوانەی چلۆنایەتی خاوەنی ناوەکەن و کاتێک نێوی ناوەکە تەماشا دەکەین، دەبینین مانای ڕواڵەتی ناوەکە شتێکی دیکەیە و کاکڵەی ناوەکە شتێکی دی. بۆ وێنە :

## ١- یانەی داد ( دادگە) :

ناوی زۆرلە دادگەکا نی جیهانمان بیستوە. تەنانەت بڕێک لەو دادگەیانە، وێنەی تەرازوی وایان کردوە بە دروشم بۆخۆیان، کەهێندە تەرازووەکە سەرڕاستە، مو لەت دەکا و لە ڕواڵەتدا، پارێزەری مافی هەژاران و لێقەوماوانن. کەچی، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە سەرپۆرتە، زۆر لە دادگەکان دژی دادن و لایەنگر و پارێزەری زۆردار و ملهوڕن!!!.

## ٢- چێشتخانەی پاکیزە :

زوربەی ئەو چێشتخانانەی کە ناویان" پاکیزە " یە، زۆر خاوێن و پاکیزە نین و ڕەنگە بە پێچەوانەی ناوەکەیان، نێوی چێشتەکان پڕی بێ لە مێش و مو و ...

## ٣- نووسنگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەری صداقت :

زورلە بەرپرسانی ئەم نووسینگەی سەداقەتانە، بە لای ڕاستی و سەداقەتدا ناچن وبە قەولی کوردی، ڕۆژی هەزار چەقۆ دروست دەکەن، دەسکی لێ نانین.

دیارە هەمو شتێکیش موتڵەق نیە و نابێ پاک و پیس بەیەکەو بسووتێن. هەر لەم کاتەشدا، جاری وا هەیە بارودۆخ بە پێچەوانەی ئەمەیە و بیلامانێ ڕەنگە، گوێزێ بحۆی و نێوی گوێزەکە سێوێکی تێدا بێ.

یەکێک لەو شتانەی کە ناوی پووچەڵ و دژی خۆی هەیە، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ( UNITED NATIONS)ە. کە بە پێچەوانەی ناوەکەی، لە ڕاستیدا ڕێکخراوەی حوکومەتە یەکگرتوە کان (UNITED GOVERNMENTS) ە، چون ئەم ناوەندە لە کوولەکەی تەرتشدا، پارێزەری مافی نەتەوەکان نیە، بەڵکە پارێزەر و لایەنگری مافی حوکومەتەکان و دەوڵەتەکانە و تازە ڕەنگە لە زۆر بارودۆخیشدا، بە دژایەتی لە گەڵ نەتەوە بەشخوراوەکان، لایەنگری لە حوکوومەت و دەوڵەتەکانیش کردبێ.

دیسانەوە نابین بە مامە خەمە و باسی دەرد و پەژارەی گەلی ئیرلەند، کەشمیر، باسک و ... ناکەین، بەڵکە ڕاستە خۆ نەتەوەی کورد بە نموونە دەهێنینە وە. ئەگەر خەڵکی تەواوی جیهان بە ٥ میلیارد کەس دابنێین و نەتەوەی کورد بە ٥٠ میلیۆن، لە هەر ١٠٠ نەفەر خەڵکی جیهان، یەکیان کوردن، کە دەبێتە حەشیمەتێکی زۆر گرنگ و بەقەت چەند وڵاتی وەک یۆنان. پرسیار ئەمەیە، کە ئایا تا ئێستا لە کامە زوڵم، قەلاچۆ، کوشتار و چەوسانەوەی نەتەوەی کورددا، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوە کان، چ داکۆکیەکی لە سەر کورد کردوە؟ مەگەر کورد نەتەوە نیە؟ ڕەنگە تا ئەم ئاخریانە، تەنانەت وشەیەک بە ناوی کورد، لە ئارشیڤی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، نەبوویێ. نازانم !

**ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە، کە یا ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵویستی خۆی سەبارەت بە نەتەوەکان بگۆڕێ - ببێتە هی نەتەوەکان، یا ناوەکەی لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوە کان ( UN) وە، بکاتە ڕێکخراوەی دەوڵەتە یەکگرتوەکان ( UG) و ڕۆحی هەموومان بە یەکجاری ئاسوودە بکا؟. یا ڕۆمی ڕۆمی یا زەنگی زەنگی. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە کۆڕێ :**

**کووفی چارەش ! یو. ان دروستە یا ڕێکخراوەی دەوڵەتە یەکگرتوەکان ( UG)؟**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.